
# خەسڵەتەکانی کارەکتەر و شێوازەکانی گێڕانەوە لە ڕۆمانی پەنجەرەکانی ماڵێکی ناتەواودا

هیوا خەلیل




١٧ی نۆڤێمبەری ٢٠٢٥ وتار

## دەروازەیەک بۆ ناساندنی ڕۆمانەکە

(پەنجەرەکانی ماڵێکی ناتەواو) نوێترین ڕۆمانی چاپکراوی (کاروان عومەر کاکەسوور)ە.[1] لە بیست و سێ پەنجەرەی ناتەواو پێک دێت. بە پێکەوەنانی پەنجەرەکان، ماڵێکی نائاسایی دەردەکەوێت، ماڵێک هەمیشە ناتەواو دێتە بەر چاو

[1] کاکەسوور، کاروان عومەر، پەنجەرەکانی ماڵێکی ناتەواو، (٢٠٢٤)، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی کتێبی نووسیار، زنجیرەی کتێب (٥٢)، چاپی یەکەم، دانیمارک

و ناگـاته خـاڵێکی دیـاریکراو. هەر پەنـجەرەیەک بە شـێوازی خـۆی نـاتەواویی ئەو مـاڵە پێشـــان دەدات. ئەگەر پەنـــجەرە لە ڕووی فیزیکیـــیەوە ڕۆڵی کـــردنەوە و ئاشـــکراکردنی ڕووبەرێـک دەبینێـت، ئەوە لـێرەدا ئاسـتی فیزیـک دەبڕێـت و دەگـاتە ئاسـتی ئامـاژە، تـا گومـانی زیـاتر بخـاتە نـاو ئەو ڕووبەرە و هەمـــوو پێکهاتەکـانی بگۆڕێـت. بەم شـێوەیە ڕۆمـانەکە وەک چـۆن بە سـەرەتایەک دەسـت پێ ناکـات، ناگـاتە خـاڵی کۆتـاییش، بەڵکـوو لەنـاو ئەوکـاتە بـازنەییەدا بەردەوام ئاڕاسـتەی نـوێی لێ دەبێـتەوە. لە جیـاتیی ســـەرەتا، تەقیـــنەوە هەیە، کە لە هەر تەقینەوەیەکـــدا کۆمەڵێـــک تـــوخمی نـــوێ دەردەکەون.

تەقیـــنەوە گەورەکە لە پەنـــجەرەی یەکەمـــدا ئامـــاژەی پێ دەکرێـــت، کـــاتێ (ســـت ژیـانەوە) دەردەکەوێـت. تەمەنی بـووەتە شەسـت سـاڵ، هاوکـاتی ئەو ڕۆژەیە سـوپای بەعـس هەولـێر دەگـرێتەوە، کە بیسـت ڕۆژ پێشـتر بە هـۆی ڕاپەڕیـنەوە ڕزگـار کـراوە. چەقـۆیەکی دەسـکداری لە نانـدینەکە خسـتووەتە نـاو جانتـاکەی شـانی، بە نیـازە بچێـتە ئەو دەشـتە، تـا لەوێ دەریبهێنێـت و نـووکەکەی لە بەشی چەپی سـینگی، دروستتر لە دڵی بچەقێنێت.

بە درێـژاییی تەمەنی (بەشی ڕاست)ـی، کە سـەرچاوەی هەمـوو بیرۆکەکـانە، لە نـاوەوە بڕیـــاری خۆکوشـــتنی داوە، بەڵام (بەشی چەپ)ـــی، کە ئەرکی جێبەجێکـــردنی بڕیارەکـان دەگـرێتە ئەسـتۆ، هەڵیوەشـاندووەتەوە. ئەمجارەیـان نـاوەوەی (بەشی ڕاست)ـی دەرکەوتـووە و دەرەوەی دیـار نەمـاوە، بـۆیە دوور نیـیە خۆکوشـتنەکەی سـەر بگرێـت. پـلانەکەی گـۆڕانی بەسـەردا دێـت، بەڵام مانـای وایە سـەری نەگرتـووە؟ دوو منـدالی سـاوا دەدۆزێـتەوە و هەڵیانـدەگرێتەوە. لە کاتێکـدا کەس بـیر لەوە ناکـاتەوە لە ڕۆژێـکی وەهـا دژواردا کـۆرپەیەک هەڵبگـرێتەوە، ڕەنـگە هـیی خۆیشـیان فڕێ بدەن، بەوەی دانیشتووان ماڵەکانیان جێ دەهێڵن و ڕێی شاخان دەگرن.

دابەشـبوونی نـاوەوەی (سـت ژیـانەوە) بەسـەر دوو لادا، یەکێکیـان بـیرۆکەی خۆکوشـتن دەسـەپێنێت و ئەوەی دیکەیـان هەڵیدەوەشـێنێتەوە، نیگەرانیـیەکی

بێسنووری بۆ هێناوە. ئەو لەنێوان خۆکوشتن و خۆنەکوشتن، لەنێوان فەنابوون و مانەوەدا سەراسیمەیە. هێزی هەردووکیان هاوشانە و ئەمیان ناتوانێت ئەویان ببەزێنێت. بەردەوامیی ململانێی ئەوانە بەردەوام ترس و نیگەرانی بەرهەم دێنێت.

بە درێژاییی خوێندنەوەی ڕۆمانەکە بیرت دەکەوێتەوە و دەپرسیت: ئایا (ست ژیانەوە) خۆی دەکوژێت؟ کەی و لە کوێ خۆی دەکوژێت؟ وات لێ دەکات زیاتر لە وەڵامێکی ئەو پرسیارانە بدەیتەوە، بێ ئەوەی هیچیان بە دروست و بە کۆتایی بزانیت. لەمەوە مەرگ ئەوە دەرنابڕێت، کە ناسراوە، بەڵکوو دەبێتە یاری و شتێکی نوێ ڕادەگەیەنێت. بە دەربڕینی (دولووز) و (گوتاری) دەبێتە ئارەزوو (Desire). ئەوان لەم ڕووەوە دەنووسن: "ئایا دەزانن (ئارەزوو) چەند سادەیە؟ خەو ئارەزووە، پیاسە ئارەزووە، گوێگرتن لە میوزیک و بەرهەمهێنانی میوزیک ئارەزوون، نووسین ئارەزووە. تێکڕای ئەو شتانە ئارەزوون. بەهار و زستان ئارەزوون. پیریش ئارەزووە، تەنانەت مەرگ هەر خۆی ئارەزووە. ئارەزوو هەرگیز بۆ لێکدانەوە نییە، بەڵکوو تاقی دەکرێتەوە.".[2] دەکرێت ئەمە بە وەڵامی یەکەمی پرسیارەکان بزانین لەبارەی (ست ژیانەوە)وە، کە ئایا خۆی دەکوژێت، یان نا؟

کاتێ مەرگ دەبێتە یاری و ئارەزوو، ئەوە ژیان لە ناو ناچێت. بە مانایەکی تر مەرگ ژیان ناسڕێتەوە، بەڵکوو دەیخزێنێتە ناو ئەو یارییەوە. "بەلاوەنانی مەرگ و دوورخستنەوەی لە ژیان، بەلاوەنان و دوورخستنەوەی خودی ژیانیشە، چونکێ شوێنەواری ئەمیان بەسەر ئەوەیانەوە هەیە، کە ژیان لە ڕێی مەرگەوە مانا وەردەگرێت و دەتوانێت هەبوونی خۆی دەربخات.".[3] کاتێ نە مەرگ بەبێ ژیان هەیە و نە ژیان بەبێ مەرگ دەتوانێت بەردەوام ببێت، ئەوە هەمیشە بەر یەک دەکەون و تێگەیشتنی نوێ دەسەپێنن. دەتوانین ئەمەیان بە وەڵامی دووەمی پرسیارەکان دابنێین.

ئەگەر مەرگ وەک چەمکێک ببینین، کە ئەو چەمکە لەناو ئەو یارییەدا توانای تەقینەوە بە دەست دەهێنێت و دەتوانێت بە کۆمەڵێک شێوەی تر خۆی

[2] کاکەسوور، کاروان عومەر، ئاماژە فەلسەفییەکانی شێواز و شێوازناسی، (٢٠٢٤)، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی کتێبی نووسیار، زنجیرەی کتێب (٥٤)، چاپی یەکەم، دانیمارک، ل. ١٣٩_١٤٠
[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل. ١٤٢

دەربخاتەوە، ئەوە لەو بەردەوامییەدا بەردەوام مانای نوێ دەدۆزێتەوە. ''چەمکەکان کاتێ لە ئاستی شمەکەوە دەچنە ئاستی ئاماژەوە، سنووریان لەنێواندا نامینێت و بێژمار مانای تر وەردەگرن.''.[4] ئەمە وەڵامی سێیەمی پرسیارەکانە. گەمەی مەرگ/ژیان نەک هەر لەم ڕۆمانەدا، بەڵکوو لە بەشێکی زۆری بەرهەمەکانی (کاکەسوور)دا هەیە. (سالار بەگ) کارەکتەرێکی ڕۆمانی (شکستەکانی بنەماڵەی شادماڵ)ە، دەڵێت: (پێویستە لەبارەی ژیانەوە بپرسین، نەوەک لەبارەی مەرگەوە، چونکێ دووەمیان لەناو یەکەمیاندا هەیە، بەڵام یەکەمیان لەناو دوومیاندا شوێنی نابێتەوە. ژیان بریتییە لە خۆی و لە مەرگ پێکەوە، لە کاتێکدا مەرگ تەنیا خۆیەتی، بگرە خۆیشی نییە).[5] ئەوەیش وەک وەڵامی چوارەمی پرسیارەکان.

لە دەروازەی ڕۆمانەکەدا نووسراوە: (لێی پرسیم مەرگ لای تۆ چی دەگەیەنێت؟ گوتم دنیا و ژیان دوو ئاستی جیاوازن. جیاواز، نەوەک دژ. دنیا لە شت و ژیان لە ئاماژە پێک دێت. دنیا هەیە و ژیان دروست دەکرێت، کە هەر تاکێک بە شێوازی خۆی لە دنیا و بە کەرەستەکانی دنیا دروستی دەکات. ئەگەر دنیای هەمووان لە یەک دەچێت، ئەوە ژیانی هەر یەکێک لە هی ئەوەی دیکە جیاوازە. دنیا سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی هەن، لە کاتێکدا ژیان بەوەدا ئاماژەیە، دەکەوێتە دەرەوەی ئەم هاوکێشەیەوە. مەرگ هی ناو دنیایە، بەڵام کاتێ ژیان هەیە، مەرگ هەر خۆی ژیانە و لە جووڵەی بەردەوامدایە. ناکرێت لەناو ئەو بازنەیەدا خاڵێک بدۆزیتەوە و بڵێیت ئەمە کۆتاییە.)[6]. ئەمەیان وەڵامی پێنجەمی پرسیارەکانە و دەکرێت بە دوای وەڵامی دیکەیشدا بگەڕێین.

[4] هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل. ١٧٥

[5] کاکەسوور، کاروان عومەر، شکستەکانی بنەماڵەی شادماڵ (مێژووی ئەو بنەماڵەیە لە سۆزرەت کۆترەوانەوە تا دڵڤین مارەوان)، (٢٠٢٤)، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، زنجیرەی کتێب (١٢٣٨)، چاپی یەکەم، سلێمانی، ل. ٣٦

[6] کاکەسوور، کاروان عومەر، پەنجەرەکانی ماڵێکی ناتەواو، ل. ٧

## هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانەکە:

### گۆڕینی مانای کات

واتە گواستنەوەی لە ئاستی زنجیرەییەوە بۆ ئاستی بازنەیی لە ڕێی (فراگمەنتەیشن)ــەوە. ئەوە وا دەکات ڕووداوەکان لە شێوەی دیمەنی پچڕپچڕدا پێشان بدرێن. ئەو (کات)ە کۆمەڵێک ئاراستەی جیاوازی هەن؛ پرینسیپی (سەرەتا، ناوەڕاست و کۆتایی)ــی تێک شکاندووە. هەر جارێک بەشێکی کارەکتەر دەردەکەوێت و خوێنەر چاوەڕێی بەشەکانی تری دەکات. لێرەدا کۆمەڵێک تەکنیکی گێڕانەوە بە کار هاتوون. وایان کردووە کات و شوێنە جیاوازەکان بە یەک بگەنەوە. لە (ست ژیانەوە)وە دەگەینە (پەروین)ــی نەنکی و (یەزدانبەخش)ــی باپیری، لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم دێنە بەغداد و تێیدا نیشتەجێ دەبن. ئەوە بازدان نییە، بەڵکوو پێوەندیی پارچەیەکی کاتە بە پارچەیەکی ترەوە. لەوانەوە مێژووی ئەم خێزانە و دەیان لەو کوردانەی تری بەغداد دەگێڕێتەوە. بۆ نموونە (دڵاوێر یەزدانبەخش)ــی کوڕیان، باوکی (ست ژیانەوە)یە دەبێتە ئەڵقەی پێکبەستنەوەی کۆمەڵێک بازنە. لە بواری خوێندن و سیاسەتدا پێوەندیی لەگەڵ کۆمەڵێک کارەکتەر دروست دەکات، کە هەر یەکەی چیرۆکی خۆی هەیە. (دڵیهان)، (ئەسمەهان)، (ئامال وازن)، (ویداد)، (سمکۆ پەنگرگر) و ئەوانەی تریش هەر یەکەی دەبێتە ئەڵقە بۆ پێشاندانی کۆمەڵێک بازنەی جیاوازی کۆمەڵایەتی. واتە هەر یەکەی دەوروبەرێکی جیاواز دەردەخات. هەر لێرەیشدا شێوازە جیاوازەکانی ژیان دەردەکەون. هەموو ئەوانە خەسڵەتەکانی ڕۆمانێکی فرەدەنگ و فرەڕەنگ پێک دەهێنن. پەنجەرەکان تێکەڵی یەکتر دەبن. هەر پەنجەرەیەک شوێنەواری بەسەر پەنجەرەکانی ترەوە هەیە و شوێنەواری ئەوانەی تری بەسەرەوەیە، چونکە زانیارییەکان بە پچڕپچڕی خراونەتە ڕوو، نەوەک ڕاستەوخۆ و بە جارێ وەک لە ڕۆمانی ئاساییدا هەیە.

# ئاستەکانی زمانی دەربڕین

زمـان لەم دەقەدا ئاسـتی تێگەیشـتنی بـاوی کـۆمەڵگەی تێپەڕانـدووە و لادانی دروسـت کـردووە. قسـەکەر یـان (کـارەکتەر) ئـازادە و بە شـێوازی تـایبەتی خـۆی بە کـاری دەهێنێـت و هـێزی تـایبەتی خۆییشی ـ خسـتووەتە گەڕ. لێرەیشـەوەیە بـۆ ئاسـتی ئامـاژە دەگۆڕێـت و لە ڕێی سـیمبۆڵەکانەوە خـۆی دەردەخـات. پرۆسێسی ـ گـێڕانەوە ئـازادە و توانـای هەیە شـتی نەزانـراو بـدۆزێتەوە. ئەو ئـازادییە وا دەکـات زمـان ئاسـتی تێگەیشـتنی کارەکتەرەکـان دەربخـات. زمـانی (ئەسـمەهان) جیـاوازە لە زمـانی (پەرویـن). زمـانی (دڵیهـان)یش وەک هـیی (درەختشـان) نیـیە، چـونکە هەم ڕوانینەکـان جیـاوازن و هەم خولیاکـانیش. پـێگەی کـۆمەڵایەتییش ڕۆڵ لەوەدا دەبینێـت، کە هەر کارەکتەرێـک لە چ ئاسـتێکی زمانـدا بـدوێت و چ ئایـدیۆلۆجیایەک ڕابگەیەنێـت، کە زیـاتر مەبەسـت لە ئایـدیۆلۆجیا لایەنی کـۆمەڵایەتییە. واتە پێشـاندانی شـێوازی ژیـانی کـارەکتەر و بۆچوونیـان لەبـارەی چەمکەکـانەوە. ئەو کـارەکتەرانەی لە بـازاڕن وەک (گـوڵچین مەگـروون گـرمە)، (پەرویـن)، (درەختشـان) جیـاوازن لەوانەی خەریـکی خوێنـدن و کـاری سیاسـەتن، لەوانە (سـمکۆ پـیران فیلـدز)، کە دواتـر نازنـاوی دەبێـتە (پەنگرگـر)، (دڵاوێـر)، (هانـا ئیلـۆن)، (یووسـف تۆمـا) و (سـەمیر سـامی). هەروەهـا (ئامـاڵ وازن) و (مـازن وازن)، کە ڕۆڵەی مـاڵێکی ئۆرۆسـتۆکراتین دەربڕینیـان جیـاوازە لە هـیی (سـمکۆ پەنگرگـر)، کە کـوڕێکی هەژارە. (ئەسـمەهان) زۆر لە (ویـداد) جیـاوازە. یەکەمیـان ڕووبەڕووی دەسـتەڵاتی بـاوک دەبێـتەوە و گـرفتی نیـیە بە کـچی خۆیـانی نـازانن، بەڵام دووەمیـان هێنـدە شـەرمنە ناتوانێـت چەنـد وشـەیەک دەربڕێـت. بەم شـێوەیە هەر کارەکتەرێـک دەنـگی خـۆی و هیی کۆمەڵێک کارەکتەری دەوروبەریشی دەهێنێت.

## ئاستەکانی مانا

لە ڕێی زمـــانەوە ئەو زمـــانەی تاکـــانەی نووســـەرە لە دنیـــای شـــمەکەوە پەڕیـــوەتەوە دنیـای ئامــاژە، وای کــردووە ئەو (مانــا)یە فرەئاڕاســتە، فرەبنەمــا و ناڕاســتەوخۆ بێــت. بەرهەمهێنـــانی مانـــای نـــوێ پێوەنـــدیی بەووە هەیە، کە چەمکەکـــان بـــۆ دوو بەرەی دژی یەک دابەش نـاکرێن، تـا پێشـتر بڕیـار درابێـت کامیـان جـوان و کامیـان ناشـیرینە، کامیـان بـاش و کامیـان خـراپە، کامیـان گرنـگ و کامیـان بێـنرخە، بەڵکـوو ڕێی توخمەکـان دەدرێــت خۆیــان دەربــڕن، ئەوانەیــش بەپــێی دۆخەکــان گۆڕانیــان بەســـەردا دێـت. دەکرێـت توخمێـک لەو توخمـانە لە دۆخێکـدا بـاش و لە دۆخـێکی تـردا خـراپ بێـــت. کـــاتێ دواڵـــیزم هەڵـــدەگیرێت، مانـــای وایە ســـەرچاوە لە ئـــارادا نامێنێـــت. کارەکتەرەکـــان ئـــازادن و بەپـــێی هـــیچ ســـەرچاوەیەک هەڵســـوکەوت نـــاکەن. وەک بینیمـــان مەرگ و ژیـــان پـــێکەوەن. ناکرێـــت بـــایەخی یەکێکیـــان بخەیـــنە ســـەرووی ئەوەی تریـانەوە. مـادام (سـت ژیـانەوە) ئـازادە و بەپـێی سـەرچاوەکان بڕیـار لە ژیـانی نـــادات، ئەوە بە تەنیـــا ڕووبەڕووی پرســـیاری ئیکزیستێنشـــەڵ (وجـــوودی) دەبێـــتەوە: (ئایـا ڕزگـارکردنی منـداڵێک لەو پـلانەی گـرنگترە؟ ئەرێ مرۆڤێـک بڕیـاری خۆکوشـتنی دابێـــت، تـــاوان نیـــیە منـــداڵێکی ســـاوا هەڵبگـــرێتەوە؟ بـــا بڵێـــین بڕیـــارەکەی بە جێ نەگەیانـد، بەڵکـوو بە لاوەی نـا. ئەرێ بـیرۆکەی خۆکوشـتن لە خەیـاڵ دەردەکرێـت؟ بەوەدا دەرناکرێـــت و پێـــوەی لکـــاوە، ئایـــا بەم شـــێوەیە ئەرکی گەورەکـــردنی ســـاوایەک بگـــرێتە ئەســـتۆ، ڕەوایە؟ ڕەنـــگە بگوترێـــت ئەمیـــان پێوەنـــدیی بە ژیـــان و ئەویـــان پێوەنـدیی بە مـردنەوە هەیە، کە پێویسـتە یەکەمیـان بخـرێتە سـەرووی دووەمیـانەوە، بەڵام ئایــــا ڕاســــتە خۆکوشــــتن پێوەنــــدیی بە ژیــــانەوە نیــــیە؟).[7] " هەســــتێکی دووفاقییــــانەیە و دەیتلێنێــــتەوە. ئەرێ ئەو منــــداڵەی گەورەیەکی ڕاڕا، گەورەیەک، کە ئـارەزووی خۆکوشـتن خەیـاڵی تەنیـوە؛ پـێی دەگەیەنێـت، هەمـان بـیرۆکەی خۆکوشـتن بەردەوام ڕاپیناتەکێنێت؟"[8].

---

[7] کاکەسوور، کاروان عومەر، پەنجەرەکانی ماڵێکی ناتەواو، ل.١٧

[8] کاکەسوور، کاروان عومەر، پەنجەرەکانی ماڵێکی ناتەواو، ل. ١٥٢

شــەڕی نێــوان (پەرویــن) و (گــوڵچین مەگــروون گــرمە) لە بــازاڕدا دەگــاتە ئەوەی خــوێنی تێـدا بڕژێـت، بەڵام (دڵاوێـر) ناتوانێـت بڕیـار بـدات ئایـا لایەنگـری دایـکی بێـت، یــان ئەو ژنەی وا خەریــکە دەیخنکێنێــت. بە هەمــان شــێوە ڕێ بە خــوێنەریش نادرێـت سـۆزی بـۆ یەکێکیـان ببزووێـت و دژی ئەوەی تریـان بێـت، یـان بیەوێـت بە پێـوەری ڕەوشـت شـەڕەکە هەڵبگیرسـێنێت. کـارەکتەر خـاوەنی چـیرۆک و ناسـنامەی تاکـانەیە و لای ئەوانەی تـر سـەرنجڕاکێش نیـیە، بـۆیە بـوار بـۆ خـوێنەریش نەمـاوە لایەنگری لایەک و دژی لایەکی دیکە بێت.

تێکشـکاندنی دواڵـیزمی (نـێر/ مێ) لەم ڕۆمـانە و ئەوانەی تریشـدا هەیە، کە تـا ڕادەیەکی زۆر ســنووری نێــوان نــێر و مێ سڕاوەتەوە. ئەو سڕیــنەوەیە جــاری وا هەیە دەگــاتە ڕوخسـاری کـارەکتەریش. زۆرجـار گومـان دەکەیـن و دەپرسـین ئایـا (دڵاوێـر) کـوڕە، یـان کـچ؟ نووسـیویەتی: ''هەر بە ڕاسـتی شـەیدای خـۆی بـووە، بگـرە پـێی وایە تـا ئێسـتا هــیچ مێییــنەیەک هێنــدەی نــاخی، کە لەو وشــانەدا بەرجەســتەیە، ســەرنجی ڕانەکێشــاوە و هەوەسی نەبزووانــدووە. (نــاخم لە هەمــوو ژنی ئەم دنیــایە زیــاتر جــوانیی تێــدایە و پــتر دەمورووژێنێــت). ئەم دوو ڕســتەیەی چەنــد جارێــک نووسیوەتەوە. بە دەنگ ئەمەیشی دەربڕیوە: (I am full of myself)."[9]

''هەمیشـە گاڵتەی پێ کـراوە، گـۆیە وەک نـاوەکەی ناسـکە و لە خەسـڵەتەکانی نێریـنە بێبەشـە. لەشـێکی نەرمـۆڵەی هەیە و پێسـتی تەنـکە. هەم ڕەنـگی لە هـیی کـچ دەچێـت و هەم دەنگیشیـــ. ئەوەتە تەمەنی وا چـــوارده ســـاڵە، کەچی هێشـــتا مـــووی لێ نەهـاتووە. شـێوازی ڕۆیشـتنی لەگەڵ هـیی دایـکی جیـاواز نیـیە.''[10]. هەر لە دەقەکەدا هــاتووە، کە (ظــافری کــوڕی عــاتیکەی کوبەفرۆش)ــی هــاوپۆلی، کە گەورەتــرین فێرخــوازی فـێرگەیە، بەو دەســتە بەهــێزانەی قــژی خــاوی گرتــووە و بە دوای خۆیــدا ڕایکێشاوە. ئەو جنێوانەی پێ داوە، کە بە ژن دەدرێن.

(ســت ژیــانەوە دڵاوێــر یەزدانــبەخش) ''گەیشــتووەتە ئەوەی بڵێــت بــاوکی لە کۆمەڵێـک ژن پێـک هـاتووە. ئەگەر لەوە دوورتـر بـڕوات، دەڵێـت: (بـاوکم گۆڕسـتانی

[9] کاکەسوور، کاروان عومەر، پەنجەرەکانی ماڵێکی ناتەواو، ل. ٥٣
[10] هەمان سەرچاوە، ل. ٣٥_ ٣٦

ژنانە). دیارە گوتەکە سەیر، بگرە نامۆ دێتە گوێ، بەڵام ئەمە ئەو ئەنجامەیە، لە ڕێی خوێندنەوەی دەفتەرەکانەوە پێی گەیشتووە. ئایا (ویداد) و (ئامال) لەودا نەنێژراون؟''[11].

لەبارەی (گوڵچین مەگرروون گرمە)وە گوتراوە '' هەندێک دەڵێن ئەو ژنە لە بنەڕەتدا زۆر ناسک و جوانە، بەڵگەیش (دڵیهان)ی کچیەتی، کە تەواو لە خۆی دەچێت، بەڵام بەو مەبەستەی دیمەنی شەڕانی بنوێنێت، دەستکاریی ڕووی دەرەوەی کردووە. قژی وەک هی پیاو دەتاشێت، بە قەڵەم دەمی زل دەکات، چاوەکانی بە شێوەیەک دەنەخشێنێت، تا زەق دەربکەون. بەرگی پیاوانە دەپۆشێت و هەمیشە جووتێ پێڵاوی تۆکمەی لە پێدان، کە دەگوترێت شاخنشینەکان لە چەرمی گورگ دروستیان دەکەن، بەڵام ئەو قاییشەی پانەی لەسەر پشتێنی دەبەستێت و بە کۆمەڵێک ئەڵقەی ئاسنین نەخشێنراوە، سامێکی گەورەی پێ داوە.''.[12]

## کارەکتەرسازی یان تایبەتمەندێتیی کەسێتی

ڕۆمان کاتێ دەتوانێت فرەدەنگ و فرەڕەنگ بێت، کە کارەکتەرەکانی ئازادن، بە ئازادی بۆچوون دەردەبڕن و هەڵسوکەوت دەکەن. لێرەوەیە بۆچوونی هەر کارەکتەرێک نەک هەر تەنیا لەوانەی تر جیاوازە، بەڵکوو لەگەڵ هی نووسەریش یەک ناگرێتەوە. کاتێ دەڵێین کارەکتەرەکان بە ئازادی بۆچوون دەردەبڕن و هەڵسوکەوت دەکەن، ئەوە مەبەست لەو ئازادییەی ناو سپەیسی ڕۆمانە، دەنا مەرج نییە هەموو کارەکتەرێک ئازاد بێت. ئەو کارەکتەرانەی بەپێی سەرچاوە بیر دەکەنەوە، ئازاد نین، بەڵکوو پابەندی ئایدیۆلۆجیان، بەڵام بوونیان لەناو ئەو سپەیسەدا گرنگە، چونکە جیاوازی پێشان دەدەن، دەتوانن دەستەڵاتی ڕەهای

---

[11] هەمان سەرچاوە، ل. ١٥٣_١٥٤

[12] هەمان سەرچاوە، ل. ٥٠

نووسـەر تێـک بشـکێنن، کە لە ڕۆمـانی ئاسـاییدا ئەو دەسـتەڵاتەی نووسـەر بەسـەر هەمـوو کارەکتەرەکانـدا دەسـەپێت و تەنیـا دەنـگی ڕۆمـاننووس هەیە. ڕەنـگە ئەگەر دەسـتتێوەردانێک لەلایەن نووسـەرەوە بکرێـت، هەر ئەوە بێـت، کە پێویسـتە چـیرۆکی کارەکتەرەکـان سـەرنج ڕابکێشـێت و بە زمـانی هـونەری دابڕێـژرێتەوە، دەنـا دەقەکە دەخـزێتە نـاو زمـانی ڕۆژانەوە و تـوخمی ئیسـتاتیکای تێـدا ون دەبێـت. لە ڕۆمـانی (پەنجەرەکـانی مـاڵێکی نـاتەواو)دا کارەکتەرەکـان ئـازادن و دەنگیـان بە ڕوونی دەبیسـترێت، بـۆیە دەکرێـت ئەمیـان لەویـان جـودا بکـرێتەوە. ئەوەیـش وای کـردووە ئەو کـارەکتەرانە بجـووڵێن؛ لەو جـووڵەیەدا هەنـدێکیان گۆڕانیـان بەسـەردا بێـت. واتە کارەکتەر (بوون)یەتی هەیە و لە نێو دەقەکە (چیەتی)ی خۆی دەسەلمێنێت.

چیرۆکەکانیـان تاکـانەن و بە زمـانی تـۆکمە دەربـڕاون. ئەگەر (دڵاوێـر) بە نمـوونە وەربگـرین، ئەوە دەبینـین بە کۆمەڵێـک قۆنـاغی جیـاوازدا تێـدەپەڕێت. (مـازن وازن) بە هەمـان شـێوە، کە لە کـوڕێکی سـەرەڕۆی بێبـاکەوە، لە کـوڕێکەوە، کە ژیـانی بە ڕابـواردن لەگەڵ ڕەگەزی مێیینـەدا بە سـەر دەبـات، دەبێـتە ئەنـدامێکی پـارتیی کۆمۆنیسـت و دەخـرێتە زینـدانەوە، تەنـانەت ژیـانی لەسـەر دادەنێـت. لـێرەدا قسـە لەسـەر ئەوە نیـیە بەرەو بـاشی گـۆڕاوە و لە ڕۆمانەکەیشـدا ئەو نەکـراوەتە خـاڵێکی گرنـگ، بەڵکـوو مەبەسـت ئەوەیە کارەکتەرەکـان ئـازادن و لە جـووڵەی بەردەوامـدان. (دڵیهـان بـێژان وەیسی)ـی دایـکی (سـت ژیـانەوە) کتـوپڕ مـردووە، وایـان زانیـوە خۆیشی ـ نەمـاوە، بەڵام گیـانی هـاتووەتەوە بەر، بە (ژیـانەوە) تۆمـار کـراوە، کە پێشـتر نـاوێکی دیکەیـان بـۆ هەڵـبژاردووە. بـاوەژنی هەمیشـە گوتـوویەتی خـۆی نـاوی لە خـۆی نـاوە. (سـمکۆ پـیران فیلـدز)، (پـیران فیلـدز)ی لا بـردووە و کـردوویەتییە (پەنگرگـر). بـووەتە (سـمکۆ پەنگرگـر. ئەو کـاتەی (یەزدانـبەخش) دەچێـتە بەغـداد، نـاوی خـۆی و ژنەکەی دەگۆڕێـت و نۆبەرەکەشـیان بە (مەنـاڵ) لە فـایلی دەوڵەتـدا تۆمـار دەکـات. نۆبەرەکەیشیان، ناوی خۆی لە (مەناڵ)ەوە بۆ (دڵاوێر) دەگۆڕێت.

(دڵاوێـر) لە تارمـاییی (ئەسـمەهان) و (دڵیهـان) کـارەکتەرێکی لە خەیـاڵی خۆیـدا پێـک هێنـاوە و نـاوی نـاوە (هانئەسـمەدڵی). هەمیشـە لەگەڵـیەتی و لە هەمـوو خەونەکانیـدا ئامـادەیە. دەیەوێـت پـێی بگەیەنێـت، تـا ڕۆژێـک دەگـاتە لـووتکەی هـێز و بڕیـاری

کوشـتنی دەدات. بەم شـێوەیە کـارەکتەری خەیـاڵیی (هانئەسـمەدڵی) ڕۆژبەڕۆژ زیـادتر گەشـــە دەکـات.ئەگەر لە بەرچـاوی (دڵاوێـر)دا تارمـاییی دوو کـچ یەک دەگـرن و دەبـنە یەک کـارەکتەر، ئەوە دایـکی دەبێـتە دوو بەش و دوو کـارەکتەر. نووسـەر ئەم شـێوازەی لە ڕۆمانەکـانی تریشـیدا بە کـار هێنـاوە. (بـووکەڵە)کەی (ماڵشـۆ) لە ڕۆمـانی (شکسـتەکانی بنەمـاڵەی شـادماڵ)دا دەبێـتە مـرۆڤ، تەنـانەت (ماڵشـۆ) بـۆ بـووکەڵە دەگۆڕێت. بە مانایەکی تر نازانرێت کامیان مرۆڤ و کامیان بووکەڵەیە.

بۆچوونەکـانی (سـمکۆ پەنگرگـر) نە لەگەڵ هـیی نووسـەر و لەگەڵ هـیی هەنـدێک کـارەکتەری ڕۆمـانەکەدا کـۆکن، بەڵام ڕێی دراوە دەریانببڕێـت. ئەو لەگەڵ ئەوەدا نیـیە هـیچ شـتێکی شـانەکە بە زمـانی کـوردی بنووسرێـت، "چـونکێ مەبەسـتیانە بڵاوکراوەکانیـان بـگەنە خەڵکـێکی زۆر، تەنـانەت پێویسـتە ئەوانەی بـۆ شـارە کوردییەکـانیش دەنـێررێن، بە عەرەبی بنـووسرێن، مـادام زمـانێکە، لە خەیـاڵی ئەوانـدا قورسـاییی خـۆی هەیە. بەڵێ، ئەو زمـانە بە زگمـاک خـاوەنی هـێزێکی مەزنە و ئەو هـێزە ڕێـت دەدات چـۆن بیرۆکەکـان دابڕێژیـت. دەشێ لەوێ کەسـانێک ئەرکی وەرگـێڕانی بگـرنە ئەسـتۆ، بەڵام دەبێـت نـاوی شـانەکە (الشـعلة الحمـراء) بە عەرەبی بنووسرێـت. ئینجـا وەک زانیبێـتی ئەو بۆچـوونەی، کە لەبـارەی زمـانەوە دەریبڕیـوە، لای ئەوان جـێگەی ڕەخـنەیە، دەڵێـت لە مەودای دووردا هەمـوو زمانەکـان دەپـووکێنەوە، تـا ئەو زمـانە شـوێنیان بگـرێتەوە، کە مرۆڤـایەتی دەیخوازێـت، بەو مانـایەی لە دوا قۆنـاغی مـێژوودا، کـاتێ چینەکـان نـامێنن و موڵکـایەتیی تـایبەت شـوێنەواری دەسڕێـتەوە، زمانەکـانیش وەک سـەهۆڵ دەتـوێنەوە و لەو ئـاوە زمانێـک پێـک دێـت، کە خـاڵییە لە ئامـاژەی چینـایەتی، بەڵکـوو تەنیـا ئەوە دەردەبڕێـت مـرۆڤ چـۆن بتوانێـت زۆرتـرین سـوود لە سروشـت ببینێـت و چـۆنیش لە پێنـاوی خواسـتەکانیدا بیخـاتە کـار".[13] وەک دەبینـین (سـمکۆ پەنگرگـر)ی کۆمۆنیسـت دەیەوێت تەنانەت ناوی شانەکە هەر بە عەرەبی بنووسرێت.

لە ڕۆمـانی فرەدەنگـدا وەک چـۆن کـارەکتەری سـادە هەیە و بە زمـانی سـادە دەدوێـت، کـارەکتەری هۆشـیاریش هەیە، زمـانی گەیانـدنی جیـاوازە، کە ئاسـتێکی تـری هۆشـیاری

---

[13] هەمان سەرچاوە، ل. ١٥٦_١٥٧

دەردەخـــات. لەبەر ئەوەیشـــە ڕۆمـــانی فرەدەنـــگ دەتوانێـــت فەلســـەفی بێـــت. لەم ڕۆمـــانەدا هەنـــدێک کـــارەکتەری وەک (هانـــا ئیلـــۆن)، (ســـت ژیـــانەوە)، (ســـمکۆ پەنگرگـــر)، (دڵاویـــر)، (ئەســـمەهان)، (مـــازن وازن) خـــاوەنی هۆشـــیاریی بەرزن، زمانیـــان لە هیی ئەوانەی تر جیاوازە.

(مـــــازن وازن) دەڵێـــــت "مـــــرۆڤی هەژار بـــــوونەوەرێکی دەگـــــمەنە، بەوەی بەرگەی ناخۆشـــییەکانی گرتـــووە و مـــاوە. ڕاســـتییەکەی دەبـــووایە لە نـــاو بچێـــت، بەڵام مـــاوە و لە مـــرۆڤی ئاســـایی بەهێزتـــرە. دەســـا بەو هـــێزە گەورەیەوە دەژی و ڕووبەڕووی دنیـــا دەبێـــتەوە، لە کاتێکـــدا مـــرۆڤی دەوڵەمەنـــد هێشـــتا نەچـــووەتە تـــاقیکردنەوەوە، تـــا بـــزانین دەردەچێت، یان دەمرێت. وەک ئەوە وایە هێشتا لە دایک نەبووبێت.".[14]

(ئەســـمەهان) هەمیشـــە گوتـــوویەتی: "هـــیچ کچێـــک بە تەنیـــا پێ ناخـــاتە ئەم دنیـــایەوە، بەڵکـــوو بێچـــووەمراوییەکی لەگەڵ دێـــت. ڕاســـتییەکەی دایکێـــک هەردووکیـــان لە قەراغی ڕووبارێکـــدا فـــرێ دەدات. بێچـــووەمراوییەکە دەســـتبەجێ بەرەو ئـــاوەکە دەچێـــت، لە کاتێکـــدا کـــچەکە لەو قەراغەدا دەخشـــێت. زۆرکەم ڕێـــک دەکەوێـــت ئەو دایـــکە بزانێـــت پێویســـتە بەر لەوەی مەمـــکی بخـــاتە دەم، فـــێری مەلەی بکـــات، دەنـــا ئەو شیرە دەیکوژێت."[15]

### بەلاوەنانی ڤەبێژەری هەمووشتزان و کردنەوەی کۆمەڵێک کەناڵی جیاوازی گەیاندن

لە ڕۆمـــانی ئاســـاییدا نووســـەر خـــۆی دەبێـــتە تـــاکە ڤەبـــێژەر و هەمـــوو کارەکتەرەکـــان بە ویســـتی خـــۆی هەڵدەســـووڕێنێت. لـــێرەدا کـــارەکتەر هەمـــان زمـــانی ڕۆمـــاننووسی هەیە، تەنیـــا بۆچـــوونی ئەویـــش دەردەبڕێـــت. ئەو تێگەیشـــتن و زمـــانە ڕەهـــان. ڕۆمـــاننووس دەبێـــتە تـــاکە کەنـــاڵی گەیانـــدنی زانیـــاری. زانیارییەکـــانیش بە یەک ئاڕاســـتەی دیـــاریکراودا دەڕۆن، بەر هـــیچ ئاڕاســـتە و دەنـــگی تـــری جیـــاواز نـــاکەون، نـــاخرێنە ژێـــر دەســـتەڵاتی

[14] هەمان سەرچاوە، ل. ١٣٩_١٤٠

[15] هەمان سەرچاوە، ل. ١٧

گومانەوە و ڕاڤەی جیاوازیان بۆ ناکرێت. لەبەر ئەوەیشە شێوازی گێڕانەوەی ڕۆمانی تاکدەنگ سادەیە، زمانەکەی ڕۆ ناچێتە قووڵایی شتەکانەوە؛ تەنیا ئاستی دەرەوەیان دەردەبڕێت. لە ڕۆمانی فرەدەنگدا ڤەبێژەری هەمووشتزان دەشاردرێتەوە. هەر کارەکتەرێک دەبێتە جیهانێکی سەربەخۆ، بەڵام پێوەندیی بە جیهانی کارەکتەرەکانی ترەوە ناپچڕێت، بەڵکوو پێوەندییەکە دەبێتە بازنەیی، کە هەر کارەکتەرێک بە یەکێکی تر دەگاتەوە، هەتا هەم لە ڕووی مێژوو و هەم لە ڕووی جیۆگرافیاوە لە یەکتر دوور بن، چونکە وەک زووتر ئاماژەمان پێ کرد کاتەکە بازنەییە و تەکنیکی فراگمەنتەیشن لە ئارادایە. ئەگەر هەر کارەکتەرێک زانیاریی جیاواز بگەیەنێت، ئەوە دەسەڵاتی ڕەهای نووسەر و ڤەبێژەری هەمووشتزان نامێنن. ئەو زانیارییانە فرە، جۆراوجۆر، جیاوازن و پڕن لە دژبەیەکی. هەر لەناو دەقەکەدا دەتوانیت زیاتر لە بۆچوونێک بۆ هەر ڕووداو و هەڵوێستێک بدۆزیتەوە. بەگشتی ڕۆمانەکانی (کاکەسوور) بەو شێوەیەن.

لە (پەنجەرەکانی ماڵێکی ناتەواو)دا کۆمەڵێک ئاستی گێڕانەوەی جیاواز و کەناڵی گەیاندنی جۆراوجۆرمان هەن، بە هەموویان دەقێکی پڕ لە گومان، نیگەرانی، شپرزەیی و ڕاڕایی پێک دەهێنن. نووسەر ڕێی کارەکتەرەکان دەدات بە ئازادیی خۆیان بۆچوون دەربڕن، هەتا ئەگەر بۆچوونەکە هەڵەیش بێت، وەک لە کارەکتەری (پیران فیلدز)ی بارهەڵگردا دەیبینین. گوتوویەتی: ''باپیرەگەورەی بەوە ناسراوە، کە توانیویەتی شەوان هەڵبکوتێتە سەر ماڵە دەسەڵاتدارەکان و فیلەکانیان بدزێت. بۆ خۆی نا، بەڵکوو بۆ هەژاران. لەمەوە ئەم هونەرەیان پشتاوپشت بۆ ماوەتەوە. دەسا بە درێژایی ئەو مێژووە هەر فیلێکیان دەست کەوتووە، بە بازرگانە هیندییەکانیان فرۆشتووە و داهاتەکەیان دابەشی سەر هەژاران کردووە. دزینی فیل ئەوە دەخوازێت تۆ هەم لە ڕووی جەستەوە بەهێز بیت و هەم لە ڕووی ژیرییشەوە، دەنا ناتوانیت لە شەوی ئەنگوستەچاودا ئاژەڵێکی وا زل لە کێڵگەی دەسەڵاتداران دەربهێنیت و دووری بخەیتەوە، تا دواتر بە بازرگانانی بفرۆشیت. مرۆڤ ئەگەر ئەمڕۆ بچێتە هیندستان، ئەوە بە ئاسانی ئەو فیلانە دەناسێتەوە، کە باپیرانی ئەو لە کوردستانەوە بۆ ئەوێیان بردوون، چونکێ هەندێک خەسڵەتی

تایبەتیـــان هەن.''.[16] هەر لە دەقەکەدا (پەرویـــن) ســـەرەڕای ئەوەی پـــێی وایە ئەو پیـاوە ''ڕاسـتگۆ، دەسـتپاک و ئیشـکەرە، بەڵام هەر شـتێکی لەبـارەی فـیلەوە گوتـووە، چـیرۆکە و لـێی بـووەتە ڕاسـت. ئینجـا لە کـۆنەوە تـا ئەمـڕۆ فیـل ئەو ئـاژەڵەیە، کە مـرۆڤی فشـەکەر، بگـرە درۆزن پەنـای بـۆ بـردووە، بەو مەبەسـتەی چـیرۆکەکەی پێ بـڕازێنێتەوە. هـیچ کـاتێ نەیزانیـوە فیـل لە شـاخدا ژیـا بێـت، تـا بگەیەنـرێتە هیندسـتان. ئایـا لانی کەم بۆمـان نیـیە بپرسـین ئەو فـیلانە چـۆن توانییـان ئەو ڕێـیە درێـژە سـەختە ببڕن؟''.[17]

(دڵاوێـر) دڵنیـا نیـیە، ئەو وێـنەیەی لە ڕێی وشـەوە کێشـاویەتی، هـی (دڵیهان)ـە، چـــونکێ هەمیشـــە (ئەسمەهان)ـــی لەگەڵـــدایە. ''نـــزیکترین دەستەخوشـــکیەتی و سـەختە ئەمیـان بەبێ ئەویـان ببینرێـت، بگـرە چـیرۆکی هاوڕێیەتییەکەیـان کەوتـووەتە سـەر زاری خەڵـک، کە چـۆن بـۆ سـاتێ لە یەک دانـابڕێن. جـل، پـێڵاو، تـۆقەی قـژ و هەمـــوو شـــتەکانی تریـــان وەک یەک وان، تەنـــانەت دەگوترێـــت جووڵەکـــانی جەسـتەیان وەک یەکیـان لێ هـاتوون، بە تـایبەتی شـێوازی ڕۆیشـتنیان، کە نازانرێـت کامیـــان لە کامیـــانی وەرگرتـــووە. (دڵاوێـــر) تەنیـــا وێـــنەی ئەو تارمـــاییەی کێشـــاوە، هـــاتووەتە بەر چـــاوی. بەڵێ، لە دیـــدی ئەودا هەردووکیـــان یەک وێنەیـــان هەیە و ئەویش هی تارماییەکەیانە.''.[18]

(پەرویـن) لەبـارەی کـوژرانی (یەزدانبەخش)ـی مـێردیەوە دەڵێـت: ''دوور نیـیە براکـانی خـــۆی لە هەولـــێرەوە هـــاتبن و لـــێرە بەر خەنجەریـــان دابێـــت.''.[19] لە لایەکی تـــرەوە، ''دوو ژنی ناســیاوی پێیــان گوتــووە: مــێردی بە دەســتی کەســوکاری نەکــوژراوە وەک خـــۆی لـــێی تێگەیشـــتووە، بەڵکـــوو دووکانـــدارێکی دیـــکەی کـــورد، کە نـــاوی (بـــێژان وەیسی)ـە، بە یـارمەتیی (گـوڵچین مەگـروون گـرمە)ی ژنی نەخشـەکەی کێشـاوە و جێبەجـێی کـردووە، تەنـانەت گەیشـتوونەتە ئەوەی بڵـێن ژنەکە کوشـتوویەتی، دەنـا

[16] هەمان سەرچاوە، ل. ١١٤
[17] هەمان سەرچاوە، ل. ١١٧
[18] هەمان سەرچاوە، ل. ٧٠_٧١
[19] هەمان سەرچاوە، ل. ٢٨

(بـێژان وەیسی_) کەسـێکی ترسـنۆکە و هـیی ئەوە نیـیە ڕووبەڕووی کەڵەشـێرێکی شـەڕانی ببێتەوە.''[20]

لە هەنـدێک دۆخـدا ڤەبـێژەر هاوشـانی خـوێنەر و کـارەکتەر لە ڕێی پرسـیارەوە بە دوای شـتەکاندا دەگەڕێـت. (دڵاوێـر) لە دەفـتەری بیرەوەرییەکانیـدا لە ڕێی وشـەوە، وێـنەی (دڵیهان)ـی کێشـاوە. ئایـا ئەو وێـنەیە ڕاسـتینەیە، یـان تەواو لـێی جیـاوازە؟ خۆیشی_ نازانێـت بـۆچی ئەم پرسـیارە تـا ئەو ڕادەیە دەیترسـێنێت. واتە ڤەبـێژەر و نووسەریش نایزانن، یان دەیزانن، بەڵام نایانەوێت بە خوێنەری بڵێن.

(سـت ژیـانەوە) بڕیـاری داوە خـۆی بکوژێـت، بە هەڵـکەوت دوو منـداڵی سـاوا هەڵـدەگرێتەوە. ئایـا ئەرکی گەورەکردنیـان دەگـرێتە ئەسـتۆ؟ یـان بە کەسـانی تریـان دەدات و خـۆی دەکوژێـت؟ ئایـا مرۆڤێـک بڕیـاری خۆکوشـتنی دابێـت، تـاوان نیـیە منداڵی ساوا هەڵبگرێتەوە؟ ئایا ڕاستە خۆکوشتن پێوەندیی بە ژیانەوە نییە؟

سـاڵیادی لەدایکبـوونی (سـت ژیـانەوە)یە و (ئەسـمەهان) دەیگـرێتە بـاوەش و پیرۆزبـایی ڕۆژی لەدایکبـوونی لێ دەکـات، بەڵام هەمـان کـاردانەوەی سـاڵانی پێشـووی نیـیە. ''ئایـا پێوەنـدیی بە دۆخەکەوە هەیە، یـان شـتێک لەودا گـۆڕاوە؟ خۆیشی_ نازانێـت بـۆچی وا چـووەتە عەقڵـیەوە نـایبینێتەوە. لەبەر ئەوە نـا، سـوپا لە زەوی و ئاسـمانەوە هـێرشی کـردووەتە سـەر ئەم شـارە، بە ڕادەیەک جـگە لە دەنـگی بۆمـب و هـاڕەی فـڕۆکە، هـیچی دیـکە نابیسـتێت، بەڵکـوو لەبەر ئەوەی یەکەمجـارە بەو شـێوەیە مـاڵ جێ بهێڵێـت. دەیویسـت بزانێـت ئەو جانتـایەی چـیی تێـدایە، چـونکێ بـایەخێکی تـایبەتی پێ دەدا. شەسـت سـاڵی بە تـرس و گومـانەوە لەگەڵـدا بە ڕێ کـردووە، لە کاتێکـدا هەمـوو ئەو ڕابـوردووە بە لایەک و سـاتی جێهێشـتنەکەی بە لایەک. دیسـان لە خـۆی دەپرسـێت ئایـا ئەو گـۆڕانەی لە سـیما و هەڵسـوکەوتیدا دەرکەوتـووە، پێوەنـدیی بە دۆخەکەوە هەیە، یـان بە نـاوەوەی خـۆی؟ ئەرێ ویسـتوویەتی لەم تەمەنەدا بە تەنیـا لەنـاو ئەو مەراقە گەورەیەدا جـێی بهێڵێـت؟ ئایـا

[20] هەمان سەرچاوە، ل.٣١

سزای داوە و تـــــــۆڵەی لێ کــــــــردووەتەوە؟ تـــــــۆڵەی چی؟ ئەرێ جـــــــارێکی دی دەیبینێتەوە؟''.[21]

(دڵاوێــر) کــاتێ دەبینیــت وا دایــکی و ئەو ژنە لە بــازاڕدا شــەڕ دەکەن، نازانێــت ببێــتە لایەنگــری کامیــان. ''ئەرێ هیــوا دەخوازێــت دایــکی تێــک بشــکێت؟ ئەگەر لەو شــەڕەدا بیبــاتەوە، وەک ئــازاترین ژنی بــازاڕ، بگــرە هــیی بەغــداد دەناسرێــت، کە ئەمە مانــای ئەوەیە خــۆی ئەرکــێکی ســەختی دەکەوێــتە ئەســتۆ. هەمــوو چــاوەڕێ دەکەن لە دایــکی تێبپەڕێنێــت. ئەســتەمە بتوانێــت بۆکســێک لە یەکێــک بــدات. دیــارە نەک لەبەر ئەوەی توانــای نیــیە، بەڵکــوو ســەختە بەســەر ئەو هەســتیارییەیدا زاڵ ببێــت و بهێڵێــت جەســتەی بەر جەســتەیەکی دیــکە بکەوێــت. کــاتێ تــۆ بەوە تێــک دەچیــت ســنوور لەنێــوان جەســتەت و جەســتەیەکی دیــکەدا هەڵبگیرێــت، ئەوســا لێــت بــدەن، یــان لێیــان بــدەیت، مــاچ بکەیــت، یــان مــاچ بکرێیــت، بمژیــت، یــان بمژرێیــت، هەمــان شــتن. دەســا ئەگەر دایــکی لەو شــەڕەدا بیبــاتەوە، ئەوە زیــان بەم دەگەیەنێــت. هەمــوو پــاڵی پێــوە دەنــێن، تــا خــۆی ڕووبەڕووی (بــێژان وەیسی_) و براکــانی ببێــتەوە. پێویســتە دوای ئەوەیش زنجیرەیەک سەرکەوتنی دیکە تۆمار بکات.''.[22]

## ئاژەڵ و مەل وەک کارەکتەر

یەکێ لە خەســڵەتەکانی ڕۆمــانی فرەدەنــگ تێکشــکاندنی دەســتەڵاتی چەق (ســەنتراڵ)ە لە پێنــاوی کــردنەوەی کەنــاڵی تــری جیــاوازدا. مــرۆڤ لە گەردوونــدا وا خــۆی نمــایش دەکــات، کە بــاڵاترین بــوونەوەرە. پاساوەکەیشی_ ئەوەیە عەقــڵی بــیرکەرەوەی هەیە. دنیــای مــۆدێرنە زیــاتر ئەو خەســڵەتەی مــرۆڤی زەق کــردووەتەوە و پــتر پاســاو بــۆ ئەو چەقێتیــیەی دەهێنێــتەوە. ڕۆمــانی فرەدەنــگ لەنــاو دنیــای پۆســتمۆدێرندا گەشــەی کــردووە، بــۆیە ئەو تێگەیشــتنەی گۆڕیــوە، پــێی وایە عەقــڵ تەنیــا لایەنی گەشی نیــیە،

[21] هەمان سەرچاوە، ل. ١٩٤
[22] هەمان سەرچاوە، ل. ٥١

بەڵکـــوو لە لایەنە تاریکەکەیـــدا زۆر وێرانکـــاریی گەورەی لێ کەوتـــووەتەوە. لە ڕۆمـــانی فرەدەنگـدا هەمـوو چەقەکـان بە لاوە دەنـرێن. لـێرەوەیە ڕوانـین بـۆ ئـاژەڵ و باڵنـدەیش گۆڕاوە، تەنانەت زیندەوەرەکانیش لەم گەردوونەدا شوێنیان هەیە.

لە بەرهەمەکـانی (کاکەســوور)دا بـایەخی بەرچـاو بە ئـاژەڵ و مەلــدا دراوە، تەنــانەت کـار گەیشـتووەتە ئەوەی ببـنە کـارەکتەر و بەشـداری لە بڕیارەکانـدا بـکەن. ناویـان لێ نــراوە و چـیرۆکی خۆیـان دەگـێڕنەوە. لە ڕۆمـانی (پەنجەرەکـانی مـاڵێکی ناتەواو)یشـدا ئەو بـایەخە بەرجەسـتەیە. (سـت ژیـانەوە) پۆلێـک مـراوی دەبینێـت، "بە ترسـەوە لە شـــەقامەکە دەپەڕنەوە. بەوەدا خـــێرا ڕا دەکەن، ناوەنـــاوە قاچیـــان لە بـــار یەک دەچێـت و سـینگیان بەو قـیرە دەکەوێـت. لای ڕوونە لە گەڕەکـێکی خـوارەوە هـاتوون و بـــێرە گەیشـــتوون، چـــونکێ دەزانێـــت دانیشـــتووانی (ڕوونـــاکی) بە گشـــتی پەلەوەر ڕانـــاگرن. دەشێ باڵنـــدەی وردی وەک کەنـــاری و بلـــبلی خورمـــا لە هەنـــدێک ماڵـــدا ببیـــنرێن، بەڵام هـــیی گەورەی وەک مریشـــک، قەلەمـــوون، مـــراوی و قـــاز زەحـــمەتە. ڕۆژگارێـک مراوییەکـانی ئـێرە لە بەرزاییـدا فڕیـون. لەم گـۆمەوە بـۆ ئەو گـۆم چـوون. خـۆی ئەو دیـمەنەی دیـوە. دوای ئەوەی شـار گـۆڕاوە و گۆمەکـان پـڕ کـراونەتەوە، تـا خانوویـان لەسـەر هەڵبچنرێـت، ئەوانـیش بە ناچـاری دەسـتیان لە باڵیـان هەڵگرتـووە و متمانەیـان کـردووەتە سـەر قاچیـان. بـاڵ کـاتێ بـاڵە، کە فـڕین لە ئـارادایە، دەنـا بـۆ قـاچ دەبێـتە بـارێکی قـورس. لە ڕۆژێـکی وەک ئەمـڕۆدا دەتەوێـت فـڕێی بـدەیت، مـادام ئەوە تەنیا فڕۆکەکانن توانای فڕینیان هەیە."[23]

ئەو کـاتەی (ئامـال) بەسـەر (دڵاوێـر)دا هەڵدەشـاخێت، "پشـیلەکە هەڵـدەبەزێتەوە و تونـد پـووزی دەگەزێـت. ئەو قـاچی ڕادەوەشـێنێت و دووری دەخـاتەوە. ڕاسـتییەکەی بەوە نـاسراوە، کە هەر کەسـێک تـووڕە ببێـت و دەنـگی هەڵببڕێـت، گـاز لەو شـوێنەی دەگرێـت. پشـیلەیەکی دڕە و بەشـێکی کـاتی لـێرە دەبـاتە سـەر. بەیـانییەکی زوو بە چـاوی خـــۆی دیـــویەتی چـــۆن لەم کـــۆڵانەدا ڕووبەڕووی مـــارێکی گەورە بـــووەتەوە، کە تـــا نەیکوشتووە، وازی نەهێناوە.".[24]

---

[23] هەمان سەرچاوە، ل. ٢١_٢٢
[24] هەمان سەرچاوە، ل. ١٣٥_١٣٦

قەڵەڕەشەکەی (تەیموور باپیرۆ)یش لە ڕۆمانەکەدا ڕۆڵی پێ دراوە. ئەو پیاوە قەڵەڕەشێکی ڕاهێناوە لەسەر شان و دەستەکانیدا هەڵبنیشێت. وای لێ هاتووە بۆ هەر شوێنێ دەچێت، دوای دەکەوێت. دەڵێن بە بێچوویی هەڵیگرتووەتەوە و گەورەی کردووە. کاتێ هاتووەتە بەغداد، لەگەڵ خۆیی هێناوە. ئەو مەلە بووەتە هۆکاری ئەوەی خەڵکێکی زۆر بیناسن. لە (ڕۆمانی شکستەکانی بنەماڵەی شادماڵ)دا ژمارەیەکی بەرچاو مەل و ئاژەڵ هەن، کە کاریگەریی زۆریان لەسەر ڕووداوەکاندا هەیە. مارەکانی هەردوو گەڕەکی (ڤ...ڵ) و (زەنگۆڵ). کۆترەکانی (سۆزرەت کۆترەوان)، کۆترەکانی (کەیئەزدیا شادماڵ)، مارەکەی (دڵڤین مارەوان)، (ڕزگۆ)، تووتکەسەگەکەی (میدیا) و زۆری تر.

## بایەخدان بە زمان و کولتووری جۆراوجۆر

ڕۆمانی فرەدەنگ بەو خەسڵەتە شلەی هەیەتی، سنووری نێوان کولتوور و زمانەکان کاڵ دەکاتەوە. دەرکەوتنی هەر جیاوازییەک لە ڕەنگی پێست، جلوبەرگ، شێوازی پۆشین، شێوازی ئامادەکردنی خۆراک، شێوازی قسەکردن و هی تر دەبێتە هۆی تێکشکانی چەق و کردنەوەی کەناڵی تری جیاواز. لە بەرهەمەکانی (کاکەسوور)دا کۆمەڵێک نەتەوە، کولتوور و زمانی جیاواز هەن، تەنانەت لە ناو کولتووری کوردیدا ئەو جیاوازییانە تیشکیان خراوەتە سەر. لەم ڕۆمانەدا جگە لە زمانی کوردی و عەرەبی، زمانی ئینگلیزی، هیندی و هی تریش هەن. جوو و مەسیحییەکان لە پاڵ موسوڵماندا بوونیان هەیە و جیاوازییەکانی خۆیان دەردەبڕن. ئەوانەی یەکەم شانەی کۆمۆنیستی عێراق پێک دەهێنن، بریتین لە سێ کورد، دوو عەرەب، مەسیحییەک و جوویەک. سێ کچ و چوار کوڕن. بازاڕ پڕە لە دووکاندار و بازرگانی جۆراوجۆر. هێنانی کارەکتەری واقیعیی وەک (زەکیە جۆرج) و (سالح کوەیتی)، کە دوو هونەرمەندی ئەو سەردەمەن و تێکهەڵکێشی خەیاڵ کراون، زیاتر دەقەکەی بەرەو کرانەوەیی بردووە. چیرۆکی (زەکیە جۆرج) کاریگەرە.

ژنێــک حەلەب جێ دەهێڵێــت و دێــتە بەغــداد، تــا گــۆرانی بڵێــت. نــاوی دەگۆڕێــت، نەبــادا بنــاسرێتەوە، تــێکەڵی چــیرۆکی (پەرویــن) و (یەزدانــبەخش) دەبێــت، کە ئەوانــیش هەم لە شــاری خۆیــان ڕاو نــراون و هەم ناویشــیان گۆڕیــوە، بــۆ ئەوەی کەســــوکاریان نەیانناســــنەوە. ڕۆمــــانی فرەدەنــــگ لە ڕێی چــــیرۆکی جیــــاوازی کارەکتەرەکــانەوە بە هەمــوو لایەکــدا دەکشــێت و لەو کشــانەدا چەق دەســتەڵاتی نامێنێت. ئاڕاستەی جیاوازی تێدا دێنە دی و هەر یەکەی بایەخی تایبەتی هەیە.

## تێکشکاندنی پرینسیپی هۆکار و ئەنجام

نەمــانی چەق و کــردنەوەی کەنــاڵی تــری جۆراوجــۆر لە ڕۆمــانی فرەدەنگــدا مانــای تێکشــکانی پرینســیپی هۆکــار و ئەنجــامە، کە وەک ئەوە وایە  پرینســیپی ســەرەتا، ناوەڕاســت و کۆتــاییش هەڵبگیرێــت. زۆربی ئەو هەمــوو تــوخمە وا دەکــات گەلێــک ئاڕاســتەی جیــاواز دەربکەون، کە ناکرێــت ســەرەتایان بــدۆزینەوە، چــونکە بەپــێی پــلانی پێشــوەختە نــاجوولێن، بەڵکــوو هەر لە خۆیــانەوە ڕێ دەکەن. نەمــانی گــرێچن (پلــۆت)یش لە ڕۆمــانی فرەدەنگــدا هەر پێوەنــدیی بەم ئاڕاســتە جیــاوازانەوە هەیە. دەق بە هەمــوو لایەکــدا دەکشــێت و بەردەوام ســەرەتای تــر دەدۆزێــتەوە. لەو گەڕەلاوژەیەدا هۆکارەکــان دیــار نــامێنن و هەر ئەنجامێــک بــۆ هۆکــار دەگــۆڕێتەوە. ئەو پرۆسێســە وەســتانی نیــیە. لەبەر ئەوەیشــە تــوخمی ناکــاوی لەم شــێوازەی ڕۆمانــدا بــایەخی بەرچــاوی پێ دەدرێــت. ئەوەیــش وا دەکــات ڕۆمــانی فرەدەنــگ نــاتەواو بێــت. خــوێنەر دەتوانێــت لە هەر ئاڕاســتەیەکدا ئاڕاســتەی تــر بگرێــت و چــیرۆکە ناتەواوەکــان درێــژ بکــاتەوە. بوارێــک بــۆ ئەوە نــامێنێتەوە حــوکم دەربکــات، بەڵکــوو دەبێــت پەنــا بــۆ ڕاڤەی بەردەوام ببــات. لە بەرهەمەکــانی (کاکەســوور)دا ئەم شــێوازە بــایەخی پێ دەدرێــت و بە شــێوەی تیــۆرییش بــاسی لێــوە کــردووە. لە ڕۆمــانی (پەنجەرەکــانی مــاڵێکی نــاتەواو)دا گــێڕانەوە خۆڕســکانەیە و بە هەمــوو لایەکــدا درێــژ دەبێــتەوە. هــیچ چیرۆکێــک تەواو نابێــت، هەر چیرۆکێــک دەبێــتە ئەڵــقەیەک بــۆ

دروســـتبوونی کۆمەڵێـــک چـــیرۆکی تـــر، بێ ئەوەی ئەوانـــیش تەواو بـــبن و لە کشـــان بـــکەون. تـــوخمی ناکـــاوی بەردەوام ڕووبەڕووی خـــوێنەر دەبێـــتەوە. دیـــارترین نمـــوونەی تـــوخمی ناکـــاوی لەو کـــاتەدا دەردەکەوێـــت، کە دەیانەوێـــت یەکەم شـــانەی کۆمۆنیســـتی پێـــک بهێـــنن. ئەو (دڵاوێـــر)ەی بە ناســـک و دوورەپەرێـــز نـــاسراوە، کەچی یەکەمـــین کۆبـــوونەوە لە ماڵەکەیـــدا دەکرێـــت و هەر خۆیشیـــ یەکەمـــین بەیـــان دەنووســـێت. پێشـــتریش کـــاتێ پاســـەوانانی ئەفســـەر هەڵیانکوتـــاوەتە ســـەر مـــاڵی و (ئامال)یـــان بـــردووە، ئەو ڕووبەڕوویـــان بـــووەتەوە و یەکێکیـــانی خەڵتـــانی خـــوێن کـــردووە، تەنـــانەت گـــیراوە. ئینجا ئەو هەر خۆی بە چەند خاڵێک ئەو ناکاوییەی دیاری کردووە:

یەکەم: بـــوونی (دڵیهـــان) و (ئەســـمەهان) لە ماڵەکەیـــدا، کە هەمیشـــە وای زانیـــوە ئەوان دژیـــن، چـــونکە دایـــکی (دڵیهـــان) لە شـــەڕدا دایـــکی ئەوی خنکانـــدووە و ئەویـــش بە دەســـتی (لەیـــلا)ی خوشـــکی کـــوژراوەتەوە. (ئەســـمەهان)یش نـــزکترین دەستەخوشـــکی (دڵیهان)ە.

دووەم: ''کـــاتێ (دڵاوێـــر) بەیـــانەکە دەداتە (ســـمکۆ پەنگرگـــر)، تـــا بـــۆ ئەنـــدامانی بخـــوێنێتەوە، بەو مەبەســـتەی ئەگەر هەر یەکێکیـــان ســـەرنجی هەیە، دەریببڕێـــت، ئەو چـــاوانی زەق دەبـــنەوە و مـــاوەیەک جـــوولەی لێ دەبڕێـــت. دوایی بـــۆی دەگەڕێنێـــتەوە و دەپرســـێت: (بە کـــوردی نووســـیوتە؟ بە کـــوردی؟)... بەڵێ، بە کـــوردی نووســـیویەتی. دەســـا لە بـــیری نەبـــووە، کە (ســـمکۆ پەنگرگـــر) مـــادام بە عەرەبی خوێندوویەتی، کوردی نازانێت.''.[25]

ســـێیەم: (دڵیهـــان) بەیـــانەکە لە (دڵاوێـــر) وەردەگرێـــت و خـــۆی دەیخـــوێنێتەوە. هاوکـــات بۆیـــان وەردەگێڕێـــت. کچێـــک باوانیشیـــ لە کوردســـتان لە دایـــک نەبـــوون، بەڵام کوردی دەزانێت، چاوەڕواننەکراوە.

[25] هەمان سەرچاوە، ل. ١٥٦

چـــوارەم: (دڵیهـــان) شـــیعرەکانی (دڵاویـــر)ی پێ گەیشـــتوون و خوێنـــدوونیەتییەوە. ''(دڵاویـــر) لای ســـەیرە و لە خـــۆی دەپرســـێت لە چ ڕێـــیەکەوە ئەو کـــچە شـــیعری ئەوی دەست کەوتووە، تا بیخوێنێتەوە، بگرە لە بەری بکات؟''.[26]

تـــوخمی ناکـــاوی بـــۆ نمـــوونە لەوەیشـــدا دەردەکەوێـــت، کە لە لاپەڕەکـــانی کۆتـــاییی ڕۆمـــانەکەدا دەزانـــین (مـــازن وازن) بـــووەتە ئەنـــدامێکی دیـــاری پـــارتیی کۆمۆنیســـت و گـــیراوە. ئینجـــا بـــۆ خـــوێنەر دەردەکەوێـــت، کە بـــووەتە هاوســـەری (هـــالە)ی خوشـــکی (دڵاوێر).

## پارۆدی (Parody)

یەکـــێکە لە خەســـڵەتەکانی ڕۆمـــانی فرەدەنـــگ. ''بـــریتییە لە لاســـاییکردنەوەیەکی گاڵتەئـــامێزی ئایـــدیۆلۆجیایەک، یـــان کەســـێک، یـــاخود گـــرووپێکی کـــۆمەڵگە. بەم شـــێوەیە دەنـــگی ئەوانە بە تێکشـــکاوی دەهێنێـــت. واتە ئاســـتێکی دیـــکەی زمـــان دەردەکەوێـــت، بەوەی لە لاســـاییکردنەوەدا شـــێوازی قســـەکردن و نیشـــانەکانی تریـــان دەگـــۆڕێن، چـــونکە گاڵتەیـــان پێ دەکرێـــت.''.[27] ''(پـــارۆدی) کـــاتێ دەردەکەوێـــت، کە شـــێوازێکی تـــری نـــوێی بیرکـــردنەوە و هـــیی دەربـــڕین هەن، چـــونکێ زمـــان و تێگەیشـــتنی کۆمەڵگە تێپەڕێنراون، بگرە کەوتوونەتە بەر توانج و ڕەخنە.''[28].

لە ڕۆمـــانی (پەنجەرەکـــانی مـــاڵێکی نـــاتەواو)دا بەردەوام ڕووبەڕووی ئەم تـــوخمە دەبیـــنەوە، کە گـــاڵتە بە بۆچـــوون و هەڵســـوکەوتەکان دەکـــرێن. (هانـــا ئیلـــۆن) بە (ســـمکۆ پەنگرگـــر) پێـــدەکەنێت، ''کـــاتێ بەم چەنـــد وشـــەیە (بە نـــاوی ســـۆڤیەت، لینیـــنی مەزن و شـــۆڕشی ئۆکتـــۆبەری بەردەوام) دەســـت پێ دەکـــات، ئەو پێـــدەکەنێت، بەڵام خـــێرا دەیشـــارێتەوە. دەســـا (دڵاوێـــر) خـــۆی ئەو قەشـــانەی دێـــنەوە بەر چـــاو، کە لە

[26] هەمان سەرچاوە، ل. ١٥٧_١٥٨
[27] کاکەسوور، کاروان عومەر، ڕۆمان لە تاکدەنگەوە بۆ فرەدەنگ، گفتوگۆی شاخەوان سدیق لەگەڵ کاروان عومەر کاکەسووردا، (٢٠٢١)، بڵاوکراوەی کۆمەڵگای پەروەردەیی مارگرێت، چاپی یەکەم، ل. ٣٧
[28] ئاماژە فەلسەفییەکانی شێواز و شێوازناسی، ل. ١٠٦

بۆنەکانـــدا خـــاچ هەڵـــدەبڕن و دەڵـــێن: (بە نـــاوی بـــاوک، کـــوڕ و گیـــانی پـــیرۆز، یەک خـــودای تـــاک و تەنیـــا... ئـــامین). ئینجـــا خـــۆی و (ســـمکۆ) لەگەڵ (یووســـف تۆمـــا)ی هاوپۆلیـــان، کە ئەوەتە ئەنـــدامێکی دامەزرێـــنەری شـــانەیە و لـــێرەیە، چـــوونەتە کەنیســـە، بەوەی (ماریـــا)ی دایـــکی لەوێـــدا پیـــانۆژەنە. هەر بە ڕاســـتی پێشـــەکییەکەی (ســـمکۆ پەنگرگـــر) مـــرۆڤی دەهێنـــایە پێکەنـــین، بە تـــایبەتی، کـــاتێ گـــوتی: (ســـڵاوت لێ بێـــت، سۆســـیالیزم! لامـــان ڕوونە ئێســـتا دەنگمـــان نابیســـتیت، تـــا وەڵاممـــان بـــدەیتەوە، بەڵام ســـڵاوی شۆڕشـــگێڕی وایە. ســـەرەتا نابیســـترێت، بەڵکـــوو دوای ئەوەی دەتەقێـــتەوە و گـــرمە لە شـــاخ، لە دۆڵ، لە ڕووبـــار، لە دارســـتان، لە کـــانی و لە هەور هەڵدەســـتێنێت، ئینجا گوێی هەمووان پڕ دەکات.''.[29]

## ناونیشان

ناونیشـــان لە ڕۆمـــانی فرەدەنگـــدا بـــایەخێکی گەورەی هەیە، چـــونکە وەک ئامـــاژەم پێ کـرد لە کۆمەڵێـک ئاڕاسـتەی جیـاواز پێـک دێـت. چـۆن ناونیشـانێک بە تەنیـا بتوانێـت ئەو هەمـــوو ئاڕاســـتەیە لە خـــۆی بگرێـــت؟ چـــۆن نەبێـــتە ئامـــاژەی زەق و بە شـــێوەی ڕاســـتەوخۆ مانـــا شـــاراوەکان دەرنەخـــات؟ چـــۆن ببێـــتە دەروازەیەک و لێـــیەوە بچیـــنە نـــاو دەقەکەوە؟ چـــۆن لایەنی ئیســـتاتیکی دەق بپارێزێـــت؟ لەبەر ئەوەی ســـنووری نێـــوان ئەدەب و فەلســـەفە کـــاڵ بـــووەتەوە، ناونیشـــان لەوە دەرچـــووە بە زەقی دەربکەوێـــت و ئاشـــکرا بێـــت، بەڵکـــوو ئامـــاژەدار و فرەئاڕاســـتەیە. ناڕاســـتەوخۆیە لە گەیانـدنی مانـادا. لێرەیشـەوە بێژمـار مانـای دیـکەی دەبـن. دال چەسـپاو نیـیە، بەڵکـوو ئامـــاژە بە مەدلـــوول (signified)ی تـــر دەدات. (کاکەســـوور) جـــاری وا هەیە زیـــاتر لە ناونیشـــانێک هەڵـــدەبژێرێت، بـــۆیە لێرەیشـــدا ئامـــاژەی بەوە کـــردووە، کە پێشـــتر ڕۆمـــانەکە نـــاوی (ژنە مەلەوانەکە) بـــووە. نایشـــارمەوە، ئەگەر (ژنە مەلەوانەکە) ناونیشانی ڕۆمانەکە بووایە، ساناتربوو تا لە بارەیەوە بدوێم.

[29] پەنجەرەکانیماڵێکی ناتەواو. ل. ١٦١

(پەنجەرەکـان) دەشێ ئەنـدامانی شـانەی (مەشـخەڵی سـوور: الشـعلة الحمـراء) بـن. (ماڵ)ـیش شـانەکە. بـۆچی نـاتەواوە؟ لەبەر ئەوەی (شـانە)کە نەگەیشـتە ئامـانجێکی دیـاریکراو. لە حەفـت ئەنـدامەکە چواریـان بڕیـاری سـێدارەیان بـۆ دەرچـوو. (پەنجەرەکـان) لەوانەیە (پاژ)ەکـانی ڕۆمـانەکە بـن. (ماڵ)ـیش، ڕۆمـانەکە. ئەدی بـۆچی نـاتەواوە؟ چـونکێ نووسـین خـۆی پرۆسێسـێکی نـاتەواوە. (پەنجەرەکـان) ڕەنـگە بیرەوەرییەکـانی (دڵاوێـر)بن. (ماڵ)ـیش دەفـتەری بیرەوەرییەکـان. نـاتەواون، چـونکێ تەنیـا نۆیـان مـاون و ئەوانی تـر ونـن. تەواوی بیرەوەرییەکـانی (دڵاوێر)مـان لە بەردەسـتدا نیـیە. (پەنجەرەکـان) دەکرێـت ئەو (دوو منـداڵە سـاوا)یە بـن، کە (سـت ژیـانەوە) هەڵیگـرتنەوە. (ماڵ)ـیش، (سـت ژیـانەوە) خـۆی. لەبەر چی نـاتەواوە؟ سـت ژیـانەوە بڕیـاری نەداوە، ئایـا ئەرکی گەورەکردنیـان دەگـرێتە ئەسـتۆ، یـان بە هـیی تریـان دەدات و خۆی دەکوژێت؟

—